# توتن و جگەرە لە فۆلكلۆری كوردیدا

د. هاوژین صلیوە عیسا
زانكۆی كۆیە
فاكەڵتی پەروەردە
بەشی زمانی كوردی

**پێشەكی:**

تووتن و جگەرە وەك كەرەستەیەك لەفۆلكلۆری كوردیدا ڕەنگیان داوەتەوە، هۆی هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە بۆئەوە دەگەڕێتەوە كە هەستم بەوە كرد توتن و جگەرە لەبابەتە فۆلكلۆرییەكان ڕەنگیان داوەتەوە، لەهەمان كات دا پێشتر توێژینەوەی لەبارەوە نەكراوە. ئێمەش چەند بوارێكی لێهەڵدەبژێرین و بەنموونەوە ڕاڤەیان دەكەین.لەهەندێ شوێن زانیاری خراوەتە ڕوو ئاماژە بەسەرچاوە نەكراوە، لەم شوێنانە ئەو زانیارییانە لەلای خۆم كۆبوونەتەوە، چونكە من كەسێكی لادێ نشینم و بەشێكی ئەم شتانەم بەچاوی خۆم بینیوە. توێژینەوەكەش دەكەین بە سێ تەوەرەوە لەوانە:

تەوەرەی یەكەم:پەیوەندی ئەدەب بەشت و مەكەوە:باس لەوە دەكەین كە شت و مەكەكانی دەورو بەرمان تاچەند لەنێو بەرهەمە ئەدەبییەكاندا ڕەنگ دەدەنەوە.

تەوەرەی دووەم: تووتن و جگەرەو كەرەستەكانی لە كلتووری كوردیدا، كەئەویش دەبێت بە دوو هۆبە:أ) تووتن و جگەرە لە داودەرمانی كوردەواریدا، كە ئەو دەرماننانە باس دەكات، كە تێكەڵەكەیان تووتن و دووكەڵی جگەرەو پاشماوەی جگەرەی تێدا بەكار هاتووە، بۆنموونە: بۆ لەناوبردنی زێروو، كاتێ دەچێتە قوڕگی مرۆڤەوە ،سود لە قیڕ قەنەو دووكەڵی جگەرە وەرگیراوە، وەرەق واتا قرێژی تووتن وەك دەرمان لەهەویر كراوە بۆڕاوەماسی بەكار هاتووە...تاد. ب) توتن و جگەرە لە ئیدیۆم و مەتەڵی كوردیدا. تەوەرەی سێیەم:(ڕەنگدانەوەی تووتن و جگەرە لە لاوك و لە شیعری فۆلكلۆری كوردی دا) ئەو نموونەمان هێناوەتەوە، كە وێنەی جگەرە پێكهاتەی سەرەكی دەقەكەن.

**١- پەیوەندی ئەدەب بەشت و مەكەوە:**

زاراوەی ئەدەب كە لە وشەی (Littera) ی یۆنانییەوە، كە بە مانای خوێندەوار دێت وەرگیراوە، لە سادەترین پێناسەیدا ــ كە ڕیزبەندێكی درێژیی هەیە ــ دەگوترێت:(( ئەدەب، هونەری قسەو ئاخاوتنە، لە ڕێی وشە، چ وەك پەخشان و چ وەك شیعر، دەربڕی ناخ و هەست و هزری مرۆڤە لە جوانترین هونەریی ڕەوانبێژی و زمانەوانی و دەربڕیندا، لەچوارچێوەی ڕەهەندە پیرۆزەكانی مرۆڤدۆستیی و شارستانییەتیدا.))[١] كەواتە ئەدەبیش وەك هەموو بەرهەمەكانی هزری و دەستیی و پیشەیی مرۆڤ، پێویستی بە كەرەستەی هەمە جۆرە،

---

[١]) http://at.wikipedia.org/wiki/%D٨٪A٣٪D٨٪AF%D٨٪A٨

بە گوێرەی جۆری پیشەوەرییە ئەدەبییەكە. لێرەدا بۆ وەدەستهێنانی ئەو كەرەستانە ئەدیب و نووسەر و شاعیر دەبێ بەناو ئەو دەریایە بناو لێبدات و مەرجان و مرواریەكانمان بۆ بێنێتەدەر. بۆیە دەگوترێت:((جیهانبینی تیۆریی جیهانە و ئەدەبیش ئاوێنەی ئەم جیهانبینییەیە.))[2] كە دەكرێ بەم شێوەیە نیشانی بدەین:

شت و مەك ⟵——⟶ ئەدەب

كاتێ لێكۆڵەرەكان، دەیانەوێ خۆیان بە مەسەلەی ئەدەب سەرقاڵ بكەن، هەرچەندە، ئەدەب، لە زۆر لە ڕشتەكانیدا بەلای خەیاڵ و ئەندێشەوە دادەلەنگێ ، ئەوا هەردووكیان لە نێو چوارچێوەی بیركردنەوەی مرۆڤدا لەم گەردوون و ژیانەدا یەكدەگرنەوە و مەبەستەكانیشیان زۆر هاوتەریبن لە گەیشتن بە ڕاستییەكان و كەشفكردنی ڕاز و نهێنییەكانی بوون و لەناوچوون و مردن. چونكە(( كاری ئەدەب دەربڕینی جیهانبینییە، لەم ڕێیەوە مرۆڤ ڕوانینی خۆی دەردەخات و تەعبیر لە هەستكردنی خۆی بە گەردوون و سەرجەم بوونەوەرەكانەوە بكات و جیبهانبینی خۆی دروست بكات.))[2] هەریەك لەكەرەستەو كەلوپەلەكانی دەرو بەر لەبواری ئەدەبی ڕەنگ دەدەنەوە، بەڵام بەكارهێنانی لەلایەنی كەسێكەوە بۆیەكێكی تر دەگۆڕێ، بۆنموونە: دار، بەرد، گوڵ، بولبول...واتە كەرەستە و شتە بێ گیان و بەگیانەكان دەگرێتەوە، توتن وەك ڕووەكێك دواتر جگەرەی لێبەرهەم دێت، بزانین لەفۆلكلۆری كوردیدا چۆن ڕەنگی داوەتەوە.

**٢- تووتن و جگەرەو كەرەستەكانی لە فۆلكلۆری كوردیدا**

هەرچەندە شوێنەوارناس و مێژووناسان، كوردستان بە یەكەم فێرگەی كشتوكاڵی مرۆڤی سەردەمە دێرینەكان ناودەبەن. بەڵام مێژووی تووتن و تووتنەوانیمان لە كوردستاندا بۆ ساغ نەبۆتەوە. واش پێناچێ كە جوتیاری كورد زۆر لە مێژ بێت تووتنەوانی كردبێ و جگەرەش نەریتێكی هاوەردە بووە، بە بەڵگەی ئەوەی كە زۆر كەم لە ئەفسانە و چیرۆك و حیكایەت و بەیت و بالۆرەی كوردیدا ڕەنگی داوەتەوە. ئەگەر ڕەنگیشی دابێتەوە مێژووەكەی زۆر كۆن نییە.جگەرە لە گۆڕو مەجلس و دیوەخانەكانەوە شتێكی باو بووە، ئاو و هەوای كوردستان بۆچاندنی تووتن زۆر لەبارە، بۆیە سەرچاوەیەكی باشی داهات بووە و لەناوچە گوند نشینەكاندا چاندویانە و وەرزێرێكی زۆر پێوەی سەرقاڵ بوونە و داهاتیان لێبەرهەم هێناوە. ئەم كارەش بە چەند قۆناغێك ئەودەست و ئەودەستی پێكراوە و تاوەكو چۆتە كارگەی جگەرە، واتە جگە لە وەرزێرەكان كەسابەتی بۆ بازرگان و كرێكارانیشی مەیسەر كردووە. حزووری تووتن و جگەرە لە كلتووری كوردیدا، لەم دوو هۆبەیەدا كۆدەكەینەوە:

---

[1]) http://web.engr.oregonstate.edu/~funkk/Personal/worldview.html

[2]) د. دەریا جەمال حەوێز حەویزی، جیهانبینی شیعری هاوچەرخی كوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٤: ل. ٢٨

## یەك: تووتن و جگەرە لە داو دەرمانی کوردەواریدا[٤]

## :( Tobacco, Cigarette as Drug)

توتن و جگەرە بەزۆر شێوە بۆ داودەرمان لەکوردەواری دا بەکارهاتووە، چونکە مرۆڤی دێرین پشتی بەخۆی بەستووەو هەوڵی داوە لەو کەرەستەو گیاو گوڵانەی دەوروبەری خۆی دەرمان دروست بکات و بەکاریان بهێنێ، بەپێی زانیارییەکانی خۆمان و چاوپێکەوتن، باسی بەشێکی ئەو داو و دەرمانانە دەکەین:

دەرمـانی ئـاژەڵ: تووتن و جگەرە و پاشماوەی جگەرە بۆ داودەرمان بەکار هاتووە: سوتووی جگەرە وەك دەرمانی برین سوودی لێوەرگیراوە، بۆ نەخۆشی ئاژەڵیش زۆر دەرمانی لێ دروستکراوە. شیر و وردە تووتن بۆ (گڕکەی مەڕ) بەکارهاتووە، بۆ لەناوبردنی ئەسپێش بەکار هاتووە. کاتێ تووتن ڕنین، دەستی مرۆڤــ جۆرە قرێژێك دەگرێ لەشێوەی دۆشاوێکی خەست دایە، پێی دەڵێن (وەرەق) ئەمەش بۆ چارەسەری برینی مەڕ و ماڵات بەکاردەهێنرا. هەروەها (قیرڤەنە) ــ کە ئەو قیڕەیە لە ناو دار سبیلی جگەرە دروست دەبێت ــ ئەویش بۆ چارەسەری برینی ئاژەڵ سوودی لێوەرگیراوە. جا ئەو برینەی کە کرمی لێدابێت، ئەو گیراوەیان لێ هەڵدەسوویی و کرمەکان دەمردن و مێش و مەگەزیش تخوونی برینەکە نەدەکەوت و زووش چاکدەبووەوە.

نەخۆشی پێستەی ماڵات: لاسکە گەڵا تووتنیان باش دەکوڵاندن و ئاوەکەیان بە ساردی بە سەر ئەو شوێنانەی پێستی مەر و ماڵات دادەکرد، کە تووشی نەخۆشی پێست دەبوو بە تایبەتی نەخۆشی ( گڕکە)[٥].

دەرمـانی ڕاوەماسی: ئەمەش بەم شێوەیە دروست دەکرێ: لە کاتێ توتن ڕنین، یان (داو لێدان)، واتا لەشیشدانی گەڵای تووتن، دەستی کریکارەکە (وەرەق) ـ چڵکە ڕەشەکەی پەلکی تووتن ــ دەگرێ، کە زۆر تاڵە، هەریەکە هی نێو لەپی دەستی خۆی کۆی دەکاتەوە، دواتر هی هەموویان کۆدەکەنەوەوە لەگەڵ ئەنگوتکە هەویرێك دەیشێلن ئەوجا لە کاتی ڕاوەماسیدا، کەم کەم هەڵی دەدەنە نێو گۆماو و ڕووباران کە ماسی دەیخوات، گێژ دەبێت و ڕاوی دەکەن.

گوێ ڤانگدان: جاران کەسێك گوێی ژان و ئازاری هەبوایا، بە دوکەڵی جگەرە ڤانگیاندەدا، کەسێك سەرە جگەرەکە داکیرساوەکەی دەخستە ناو زاری خۆی و لولەی سەرەکەی تری جگەرەکەی بەرانبەر کونی گوێچکە بە ئازارەکە ڕادەگرت و فووی لە جگەرەکە دەکرد و دوکەڵەکەی دەچووە ناو کونی گوێی. جا ڤانگدان بۆ (زێروو)ش ئەنجام دەدرا، ئەکەر لە گەڵ ئاوخواردنەوە زێروو بچووبایە گەرووی یەکێك، ئەوا بە هەمان شێوەی گوێ ڤانگدانەکە چارەسەری بۆ دەکرا.[٦]یان قیڕ ڤەنەیان دەخستە دەمی کەسەکەو ڤوتی دەدا لەبەر تاڵی و ناخۆشی قیڕو ڤەنەکە، هێڵنجی دەهات و دەرشایەوەو دەکۆخی و زێرووەکەش ڕادەڤەناو فڕێی دەدایە دەرەوە.

ڤەترەی چاو: تووتن وەك دەرمانی چاو بکار هاتووە:(( نەختێ تووتن و پەلکی زیووان و گوڵەباغیان جوان جوان لە ناو ئاوندا دەکوتا، تا دەبوو بە ئارد، ئەوجا بە ڤەد دەنکە باوییەك لەو ئاردە وردەیان لە پریاسکەیەکی مەلمەلی سپیی خاوێن گرێدەدا، وەك پریاسکەیەکی بچووك، دواتر چەند دڵۆپێك شیری مەمکی ژنیان دەڕژاندە سەری تا تەواو تەڕ دەبوو، ئەوجا لەسەر چاوە کولەکەیان ڕادەگرت و بە دوو پەنجە ئەو پریاسکەیان توند

---

[٤] ـگوڵە تووتن کە لە کۆتایی هاوین و سەرەتای پاییزان دەپشکوێت ئەو کاتیش گوڵی تر کەم دەبنەوە، بۆیە دەبێتە سەرچاوەیەکی زۆر باش بۆ مێشەنگوین، توێژینەوەکان سەلماندویانە کە ئەو مێشەنگیوینەی زۆر لەسەر گوڵی (گوڵەبەڕۆژە) بنیشێتەوە و شیلەی هەڵبمژێت، هەنگوینەکەی ڕەسەن و باش دەرناچێت، بەڵام گوڵە تووتن کاریگەری خراپی نییە لەسەر جۆری هەنگوینەکە، شیلەکەی گوڵەکەی وەك هی گوڵی دیکە سوودبەخشە.

[٥] - چاوپێکەوتن، دێدەوان یەعقوب، کۆیە، ١٥ / ١٢ / ٢٠١٥.

[٦] ) ئازاد دڵزار لەڕۆمانی (ئەودیوی چیا ڤوچەکان)دا، لەچەند شوێنێك باسی جگەرەی کردووە، باسی ئەوەشی کردووە کە چۆن وەکو دەرمان بەکارهاتووە.

دەکوشی تا یەك دوو دڵۆپە شیری ناو پریاسکەکە دەتکایە ناو چاوە کولەکە. ئەمە لە جیاتی قەترەی چاوی پزیشکی سەردەمی ئێستا بەکار هاتووە)).[٧]

بۆ قەڵشی پێ: قیریی ناو سبیلیان بە پووشکە دەردەهێنا و وەك خەنە لە قاچ و پاژنەی پێ قلێشاویان دەدا.

دەرمانی کەچەڵیی: قیر و تووتنیان بەیەکەوە هەڵ دەشێلا و وەك تەپاڵتە لەسەری منداڵی کەچەڵیان دەنا.

بۆ پاراستنی ڕایەخ: گەڵا تووتنی وشکراوە، بە وردکراوی دەخرێتە ناو مافۆر و بەڕە و جاجم...تا لە کاتی هەڵگرتنیان مۆرانە و میرووله نەچێتە ناویانەوە و خۆرکەیان لێنەدا.

بۆ مـەگێرانی: لە کاتی مەگێرانی کردن، ژنی دووگیان هەیە، حەز لە خواردنی سووتووی جگەرە دەکات.

دەسـت و دیاری: جاران سبیلچی بەناو بانگ لە شارەکانی کوردستان هەبوو، سبیلەکانیان ڕەنگاو ڕەنگ و نەخشدار دروست دەکرد، هەناردەیان دەکرد بۆ بەغدا و موسڵ و کەرکوك، وەکو دیاریش بۆ دۆست و برادەرانی شارەکانی دیکەیان دەبرد. جۆری دارجگەرە و قەونە و سبیل و چەخماخ، جاران وەك خەنجەر و تەسبیح، بە شێك بوو لە شکۆ و هەیبەتی کەسێتی پیاوە گەورەکان، بۆ نموونە، دارجگەرەی درێژ، ڕەمزی هێز و توانا و گەورەیی بووە، پیاوی هەژار، دار جگەرەکەی کورتر بووە لەچاو دەسەڵاتدارەکان، بڕوانە دارجگارەکەی حەماغای کۆیە (؟ ـ ١٩٢٠) .



**دوو: تووتن و جگەرە لە ئیدیۆم و مەتەڵی کوردیدا**

( Tobacco & Cigarette in Kurdish Proverbs, Idioms and Puzzles):

تووتن و جگەرە هەر ئەوە نەبووە، بیر و خەیاڵی شاعیرانی داگیرکرد بێ، بەڵکو خەڵکی عەوامیش، هەوڵیان داوە لەئاخاوتنی ڕۆژانەیاندا بەکاریان بێنن، بۆیە لە پاڵ کەرەستەکانی دیکە دا ، لە نێو ئیدیۆم و مەتەڵ و لاوك و حەیران و شیعرو .. ڕۆمانی کوردیدا حزووری بەرچاویان هەیە.

ئەمانە مشتێك لەو مەتەڵە کوردییانەن، کە کەرەستەکانیان لە جیهانی جگەرە و تووتنەوە خواستۆتەوە، لەگەڵ ئەوەش دا حەزم کرد چەند مەتەڵێکیش کە لەبارەی ئەستێ و بەرد گوتراون، بیانخەمە ڕوو، چونکە ئەوانیش کەرەستەی ئاگرکردنەوەو پێکردنی جگەرەن:[٨]

- *سەری سوورە، نەفسی بەرەوە ژوورە.* *(جگەرە)*
- *هەتا بیکێشی، کورتر دەبیتەوە.* *(جگەرە)*
- *بنی دارە، نیوەی تارە(تاڵە)، سەری ئاگرە.* *(دارجگەرە)*

[٧] ) چاوپێکەوتن، زبێدەی حاجی عەبدوڵڵای کەبابچی: کۆیە، ٢٠١٥/٢/٢ ـ هەڵبەتە بەکارهێنانی ئەم جۆرە دەرمانە بۆ ئەم سەردەمە کارێکی شیاو نییە و نابێ بەکار بهێندرێت، چونکە ئیمڕۆ دەرمانی پزیشکیی باش لە دەرمانخانەکادا هەیە.

[٨] ) بەرکۆتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٥، ل.

- ***قنگی بەدەستت، تسیی بە لووتت. (جگەرە و دوکەڵ)***
- ***مردی گوو ڕەش. (دارجگەرە)***
- ***ڕەقی ڕەقایی، دام لە نەرمایی، گەیشتە گەرمایی.(ئەستێ و بەرد و قاو)***
- ***ڕەقە بە ڕەقەی دەکەوێ، سۆرە بەنەرمەی دەکەوێ. (ئەستی و بەرد و ئاگر)***
- ***ڕەقی ڕەقایە، لەسەرم دانا نەرمایە، لێم دەرینا گەرمایە. (ئەستی و بەرد و ئاگر***
- ***سەری ئاگرینە، ناوەندی دارینە، بنی قۆڕینە، خواردنی گیای شینە. (قەلووین، سبیل)***
- ***دەمت بە قنگی، دەستت بە کێری، خۆش خۆش هەڵدەسێت، ئاگری بۆ دێنێ. (قەننە)***
- ***کا دسوژیت، کادین دەمینیت. (قەننە)***
- ***کانیێ سەر نشێو، جۆگەی سەر هەوراز. (قەننە)***
- ***نام بە قینگەوە، سەرە زۆڕنای ڕۆمی، قنگی ئەقاسپێنی، وەك کەوی دۆمی. (نێرگەلە)***
- ***منارە لەسەر منارە داندراوە، سەری ئاگرە و بنی ئاوە. (نێرگەلە)***
- ***سەری ئاگرە و بنی لە ئاوە، دەیمژن وەك کۆلکە ساوا. (نێرگەلە)***
- ***سەری ئاڤینە(ئاخینە)، بن دارینە، خوار ئاوێ گیایێ شینە. (نێرگەلە)***
- ***دەریایەکە، لەسەر دەریاکەوە، لەسەر چیاکەوە، سەوزە گیایەکە، لەسەر گیاکەوە، چۆلە چرایەکە(شەوچرایەکە). (نێرگەلە)***
- ***بەیەك دەقیقە، دەگەمە بەغدا.( جگەرەی پاکەتی بەغدا، پێش قونچکەکەی لەسەری نووسرابوو : بەغداد).***
- ***بیری پەڕۆن ڕستی دەست، دەولکی قۆڕ. (کیسەی تووتن و دەست و قەننە)***
- ***بیری پەڕۆ، دەولکی چەرمین. ( کیسەی توتن و دەستی مرۆڤــ)***
- ***پێتەوەنێ و پێتەوە، یەك لەدووی یەك نەپسێتەوە، سەرەوەی کوێستانە، بنەوەی گەرمیانە، تەیرو توار لەسەری دەکەن هێلانە. (قەننە)***[9]

**لە زمانی کوردیدا واهاتووە: (( سەری قەنەو بنی پراوێ ـ پلاوێ))ئەم ئیدیۆمە، واتا کاتێ دووسێ قومی سەرەتا لە قەننە دەدرێ تام و بۆنەکەی خۆشە و تامی قیرە سووتاوەکەی نێو قەننەکەی نەگەیوەتێ ، بنی پلاویش، چەور و خۆشە، لەکۆندا ڕوون کەم بووە، بۆیە خواردنی بنی پلاوی برنج و ساوار بەلایانەوە خۆش بووە.**[10][11]

---

[9]) دیدەنی، صلیوە عیسا کەریم،( ١٩٤٥ ـ ) ، کۆیە، ٢٠١٥/١/٨.

[10]) دیدەنی، حەمید ڕەشاش، ( ١٩٣٠ ـ )، کۆیە، ٥ /٢٠١٥/١٢..

[11]) ئازاد دڵزار لەڕۆمانی (ئەودیوی چیا قوچەکان)دا دەڵێ: ((سوار سوارانێیان دەکرد، سواری واهەبوو گرۆی دەکرد کە لەبای غارێ دا قووتووە جگەرەی بەدەستێکی لەسەر عەردی هەڵگرێتەوە)).

**٣-ڕەنگدانەوەی توتن و جگەرە لە لاوك و لە شیعری فۆلکلۆری کوردیدا**
**:( Tobacco & Cigarette in Kurdish poetry)**

هەرچەندە شیعری کوردیدا زۆر دەوڵەمەند نییە بە جگەرە و کەرەستەکانی، وەلێ بای هێندە لە فۆلکلۆر و هێندێ دیوان شاعیران بەرچاو دەکەون کە، لێکۆلەر و ڕەخنەگر لێ مەحتەل نەبن، بەڵام ئێمە تەنها نموونەی شیعری فۆلکلۆر دەهێنینەوە.لە شیعری فۆلکلۆری و دەقی دیوانەکاندا، زۆر جار پەیوەست و ئاوێتە کراوە بۆباریی سۆزداری و ئەڤین و سەرگەردانییەوە...تاد. هەندێ جاریش بۆمەبەستی دیکە بەکار هاتووە، گەورە هونەرمەندی کورد (*کاویس ئاغا* ١٨٨٩ ـ ١٩٣٦) لەلاوکی (*گەنج خەلیل*) باسی قەنەنەی جگەرە دەکات، لە وێنەیەکی هونەریی لاوکبێژیی کەم وێنەدا و لە دیمەنێکی جەرگبڕ لە سەر زاری (حەوسەت دگۆ)ی ناسك و نازدار دەڵێ: (( نەمایی نەمایی چ نەمایی نەمایێ نەمایی نەمایی نەمایی دل پاش گەنج خەلیل کوڕمامی چ خۆ نەمینم دلۆ ل دنیایی دەلی لێ وەرەلی چ وەرە لی لێ. گەنج خەلیل ئاغا چاوی خۆ بلیند کرد و ب غەریبی دگریا نەفەسەکا قەلۆنی چ خواستیە حەفسەت دبی یارەبی حودی ڕابم قەلونەکی بۆ کوڕومامی خۆ تێ کەم قەلەنە زێڕ نیشانە باسکی ئەستەمبولی مۆدێنە ب کارەبایە پەلەکی داری داربەڕو بینم ب مشاری ببڕم مبڕەدی قەرەتانی بینم سەرقەلۆنا گەنج خەلیل کۆڕە مامی خۆ دانێم نەمایی چ بەلی بلێم کۆڕ مامی من حەوت ساڵە کەوتیتە سەر دەستووری رۆمیا ب تورکی ئەفەندم قەلون ژ تەرا نەمایی نەمایێ چ نەمایی نەمایێ نەمایی دل پاش گەنج خەلیل کۆڕمامی خۆ نەمینم ل دنیایی لە چاوێ عەلی فلەییە.))[١٢]

*کاویس ئاغا* لەوکۆپلەدا، کە دوایین بەشی لاوکەکەیە، (٥) جاران ئاماژە بە (قەلون / قەلۆنی) دەکات، کە بە دەستی خاتوو (حەوسەت دگۆ)ی کچە مامی خۆی داگیراوە و داگیرساوە. پووختەی لاوکەکەش بەم شێوەیە: ( حەوسەت دگۆ، خەونەکی خۆی بۆ دایکی دەگێڕێتەوە و دایکیشی کە خەونەکەی بۆ لێکدەداتەوە، پێی دەڵێ کە گەنج خەلیلی کۆڕی مامت لە وڵاتی شام نەخۆش کەوتووە و لە سەرەمەرگە، ئەم کچە نازدارەش بە بەرگی سوارەی پیاو خۆی دەگەێنێتە لای گەنج خەلیل و کە یەکتر دەناسنەوە، قەنەنەیەکی بۆ دادەگرێ و دادەگیرسێنێ، بەڵام دوایی یەك دوو نەفەس، گەنج خەلیل لەسەر ڕانی کچە مامی خۆی گیانی دەردەچێ.)

لە دەقی لاوکی (*بێریوانێ*)شدا، کاویس ئاغا، باسی ئەو تووتنە جوان و بۆن خۆشە دەکات کە بێریوانێ جیران دەیەوێ بە ڕوونی (میا) ـ ڕوونی ساغی بێ غەل و غەش، سەر بەسەر بۆ ئەڤیندارەکەی خۆی بکرێ ئەگەر تووتنفرۆش هەر ڕازی نەبوو ئەوا جووتە مەمکی خۆی دەخاتە سەر سەنگی ڕوونەکە، چونکە ئەمڕۆکە بارە تووتنێکی ڕەنگ زێڕ هاتۆتە گوندی. لێرەشدا ئەم نموونەیە، ئەوە دەسەلمێنێ کە تووتن، هەرچەندە درەنگ گەیشتۆتە کوردستان، بەڵام فۆلکلوری کوردی دەوڵەمەند کردوە، ئەوەتا کاویس ئاغا لەم لاوکەدا دەچریکێنی و دەڵێ:((بێریوانی، بێریوانی، ئەورۆ هاتە گوندی مە بارەکی تووتنا زەرە، ڕابم بۆ لاوکی خۆ بکرم بە ڕۆنی میا سەر ب سەرە ئەگەر دامن، ئەو چاکە، نەخۆ ڕابم جوتی زەر مەکان دانێمە سەرە، دەردۆ، ئۆ، ئۆ، ئۆ، ئۆ، ئۆ...))[١٣]چونکە فۆلکلور و شیعری میللی ئاوێنەی بێ غەل و غەشی واقیعحاڵی ژیانی خەڵکەکەن، لە چەندین دەقی فۆلکلۆری و شیعری میللیدا، تووتن و جگەرە ــ ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ ـ حزووریان هەبووە. هەر بۆ نموونە، لە ناوەڕاستی سەدەی ڕابردوو، لەبەر هەژاری و دەستکورتی و نەداری، خەڵکانێکی زۆر ڕوویان لە

---

[١٢] ) مەجید خۆشناو، سەربردەو ڕووداوی مێژووی لە لاوکەکانی کاویس ئاغا دا، چاپخانە ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٥، ل. ١٨٣

[١٣] ) سەرچاوەی پێشوو، ل. ١٥١

بیتوێنیٚ دەکرد بۆ تووتنەوانی، بەڵام چونکە ئەو دەڤەرە لە هاویناندا، مێشوولەی مەلاریایی کوشندە زۆر بووە و ساڵانە منداڵ و گەنجێکی زۆر بەم ئافاتە بیٚ داودەرمانە دەمردن، عاشقێکی وراتی کۆیە، بەم شێوە دولبەرە نەخۆشەکەی خۆی دەلاوێنێتەوە کە بۆ کرێکاری ڕووی لە بیتوێن کردووە و لەوەیٚ دوور لە ئازیزانی لەناو جێگە کەوتووە:

چەندم پێگوتی شلەخەجیٚ، مەچووە بێوێنیٚ

ئاوی نازاە، شلەخەجیٚ، هەر دەتفوتێنیٚ.[14]

شلە خەجیٚ ئەگەر ناوی ڕاستەقینەی کچێکیش نەبیٚ، ئەوە ئاماژەیە بۆ ئافرەتێکی زۆر جوان و نازدار، ئەم ناوە لەنێو کوردەواریدا بەم ئافرەتانە دەگوتریٚ کە جوانن. لەم بارەیەوە (حەمید ڕەشاش) دەڵیٚ:((ساڵی ١٩٤٦-١٩٤٨ چاندنی تووتن باو بوو خەڵك دەچووە بیتوێنیٚ و ئاوەکەشی ناساز بوو خەڵکی تووشی نەخۆشی مەلاریا دەکرد و زۆری دەمردن، جا ئەم شیعرە وا هەست دەکەم لەو سەردەمە وتراوە))[15] ئەوکات داو و دەرمان بەم شێوەی ئێستا نەبوو، بۆیە خەڵکێکی زۆر دەمردن. لەو شیعرە فۆلکلۆرە کوردییە بەم شێوەیە باسی جگەرە کراوە:

...هانایەت وا بەردەبەم

دەردیٚ دڵــم شەوییە

تەعریفی کیژێکیان کرد

ماڵیان لەدەو کەندییە

سەعات لەحەفتی شەویٚ

گرتــم عارە بـــەرییە

بەپێش ماڵیان دادەچووم

چاو ڕەش وا لەحەوشەیە

ســەلامێکـم لێدەکـرد

جغـــارەم دامستێیە

بەچەرخـم لۆ پێمەکە

شــقارتەی مۆمـم پێیە

بۆنی بەنزیـن گرانـەو

لەبـۆمـن زۆر بیٚ جێیە [16]

ئەم شیعرەش باس لەساتەوەختێکی دڵداری دەکات، کە جگەرە بوەتە هۆکارێك بۆ گفت و لفت کردن و مەیل گۆڕینەوە، لە گوتەی (بۆنی بەنزین گرانە)، ئەشیٚ مەبەستی ئەوەبیٚ کە بۆنی بەنزین بۆ لوت ناخۆشە شقارتەی مۆم خۆشترە، ئەمەش دەمانگەڕێنێتەوە بۆ سەردەمی جۆرەکانی چەخماخی ئەوکات و چۆنییەتی پەیداکردنی ئاگر، لەو ڕووەشەوە لێکدانەوە هەڵدەگریٚ، کە بەنزین نرخەکەی گران بووە بۆیە هەندیٚ کەس بەردەئەستیٚ و شتی تری بەکار هێناوە لەبری بەنزین. بەڵام مانای یەکەم پەسەندترە، هەرچەندە وشەکە دوو ڕەهەندی

[14] ) گۆرانی فۆلکلۆر، چەندم پێگۆتی شلە خەجیٚ.، وتنی: سەلاح محەمەد

[15] -دیدەنی ، حەمید ڕەشاش، کۆیە، ٥/١٢/ ٢٠١٥.

[16] ) پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ سخەریا عیسا لە وڵاتی سوید، ٥/ ١٢ /٢٠١٥.

هەیە.کاتێ کە (کوڕەکە)جغارەی داوەتە دەست چاو ڕەش،  واتە (یارەکەی)، ئەمە دیارییەکی جوان بووە و ماوەیەکیش ماونەتەوە، چونکە قسەی بۆکردووە  و جگەرەکەشیان داگیرساندووە.

**ئەنجام:**

١-هەریەك لەکەرەستەو کەلوپەلەکانی دەرو بەر لەبواری ئەدەبی ڕەنگ دەدەنەوە، بەڵام بەکارهێنانی لەلایەن کەسێکەوە بۆیەکێکی تر دەگۆڕێ، بۆنموونە: دار، بەرد، گوڵ، بولبول...واتە کەرەستە و شتە بێ گیان و بەگیانەکان دەگرێتەوە، توتن وەك ڕووەکێك دواتر جگەرەی لێبەرهەم دێت، لەفۆلکلۆری کوردیدا ڕەنگی داوەتەوە.

٢-شتی نوێش دەبێت بەفۆلکلۆر، چونکە دەشێ ئەمڕۆ بەرهەمێکی فۆلکلۆری لەدایك بێت، دەشێ لەداهاتووش لەدایك بێت، هەرچەندە سیمای بەرهەمە فۆلکلۆرییەکان دەناسرێنەوە، بەڵام هەموو بەرهەمێکی میللی کە خاوەنەکەی دیار نەبێ ئەوا دەچێتە خانەی فۆلکلۆری ئەو گەلە.

٣-توتن و جگەرە لە کلتوور و فۆلکلۆری کوردی ڕەنگی داوەتەوە، چونکە لەکوردستان چێندراوە، مرۆڤیش لەدێرین زەمانەوە هەوڵی داوە، سوود لە گیا و گوڵ و کەرەستەکانی دەورو بەری خۆی وەربگرێت، بەتاقی کردنەوەش لە دروست کردنی بەشێکی زۆری ئەو داو دەرمانانە سەرکەوتووە.

٤-هەرچەندە لای شاعیرانی کورد جگەرەو تووتن ڕەنگی داوەتەوە، بەتایبەتی لەشیعری هاوچەرخی کوردی، بەڵام لەبەر سنوور داری توێژینەوەکەمان نەچووینەتە ئەم لایەنەوە.

**سەرچاوەکان:**

**أ- بەزمانی کوردی:**

**یەکەم:-کتێب:**

**١-د. دەریا جەمال حەوێز حەوێزی، جیهانبینی شیعری هاوچەرخی کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٤**

**٢-بەرکۆتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٥**

**٣-مەجید خۆشناو، سەربردەو ڕووداوی مێژووی لە لاوکەکانی کاویس ئاغا دا، چاپخانە ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٥**

**دووەم:چاو پێکەوتن:**

**١-چاوپێکەوتن لەگەڵ، دێدەوان یەعقوب، کۆیە، ١٥ / ١٢ / ٢٠١٥**

**٢-چاوپێکەوتن لەگەڵ ، زبێدەی حاجی عەبدوڵڵای کەبابچی، کۆیە، ٢٠١٥/٢/٢**

**٣-چاوپێکەوتن لەگەڵ ، صلیوە عیسا کەریم،(لەدایك بووی ١٩٤٥ ـ )، کۆیە، ٢٠١٥/١/٨.**

**٤-چاوپێکەوتن لەگەڵ، حەمید ڕەشاش، ( ١٩٣٠ ـ )، کۆیە، ٥ /٢٠١٥/١٢..**

**سێیەم:پەیوەندی تەلەفۆنی:**

**-پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ سخەریا عیسا لە وڵاتی سوید، ٥/ ١٢ /٢٠١٥.**

**ب- سەرچاوە بەزمانی ئینگلیزی :**

١- http://at.wikipedia.org/wiki/%D٨٪A٣٪D٨٪AF%D٨٪A٨

٢- http://web.engr.oregonstate.edu/~funkk/Personal/worldview.html

((توتن و جگەرە لە فۆلكلۆری كوردیدا))

تووتن و جگەرە لە فۆلكلۆری كوردیدا ڕەنگی داوەتەوە، تێكەڵ بە بابەتە فۆلكلۆرییەكان بووە و ئاوێتەی هەست و سۆزی خەڵك بووە، ئەم بابەتە پێشتر توێژینەوەی لەبارەوە نەكراوە. ئێمەش چەند بوارێكمان لێهەڵبژاردن و بەنموونەوە ڕاڤەیان دەكەین. جگەرە وەك كەرەستەیەك تەنها تێكەڵ بە بابەتە فۆلكلۆرییەكان نەبووە، بەڵكو چۆتە ناو چیرۆك و ڕۆمان و شیعری شاعیران و فیلمی سینەمایی و...بۆیە ڕاسپاردەمان ئەوەیە كە توێژەران هەوڵبدەن لەم بوارانەش بكۆڵنەوەو لەڕووی لایەنی دەروونییەوە زیاتر گرنگی پێبدەن.

((التبغ والسكاير في الفلكلور الكردي))

التبغ والسكاير استخدموه كادوات في الفلكلور الكردي وسبب اختيارنا لهذا العنوان لان التبغ والسكاير لهما وجود في الفلكلور الكردي ولانه لم يتطرق عنه من قبل. ونحن قمنا باختيار عدة مواضيع وتحليل قسم منها.وقسمنا بحثنا هذا الى ثلاث محاور:

المحور الاول: علاقة الادب بالاشياء،يتحدث هذا المحور عن الاشياء الموجودة حولنا والى اي حد يتداخل في الاشياء الموجودة حولنا.المحولا الثاني: التبغ والسكاير وادواتها في الحضارة الكردية وقسمنا هذا المحور الى قسمين:أ/ التبغ والسكاير في الادوية الشعبية يتحدث هذا القسم عن التبغ والسكاير والادوية التي تحتويهما والتي يتداخلان في صناعته.ب/ التبغ والسكاير في اللالغاز والايديوم الكردي. المحور الثالث: التبغ والسكاير في المقامات والشعر الشراثي الكردي، وفي هذا لمحور جلبنا بعض النماذج التي محورها الاساسي السيكارة.

((Tobacco and cigarettes in the Kurdish Folklore))

Tobacco and cigarettes are used as tools in the Kurdish folklore. The reason why we chose this subject because it is highly used in the Kurdish literature and it is not studied before. Many aspects of this subject has been chosen and analyzed . The paper is divided into three sections:

Section one: The relationship of literature with the things around us and how things are interrelated. The second section: Tobacco and cigarettes and their tools in the Kurdish civilization. This section is divided into two parts: Tobacco and cigarettes in the folk tools. This part talks about Tobacco and cigarettes and the ingredients that are used to make them. The second part talks about tobacco and cigarettes in the Kurdish riddles and idioms. The third section talks about tobacco and cigarettes in the Kurdish musical keys and poetry. In this section we brought some samples whose main idea is the cigarette.